# زیارەتی گوندەکەی لۆرکا

وەرگێران : حەمید کەشکۆلی

زستانی رابوردوو، پاش ئەوەی ٣ رۆژانم لە ( گرانادا) بە سەربرد، هەستم کرد ئەگەر سەردانی گوندە خنجیلانەکەی ( فوانتا فاکیرۆس) نەکەم کە شاعیری مەزنی ئەندەلۆسی " فیدریکۆ گارسیا لورکا"ی لی لەدایك بوە، نەکەم ، زیارەتەکەم بۆ گرانادا ناتەواو دەمینیتەوە.

" وەکو بلیی بۆ سەرچاوەی روباریکی مەزن دەرۆم" هەروەهام بیر لیکردەوە. لە ماوەی گەشتە دریژەکەم لە سەر زەمینی ئەندەلۆسیادا، لە هەگبەکەمدا امیلکەیەك سەبارەت بە" رانیا ماریا ریلکە" و دیوانەکەی لۆرکام پیبو و هیچیتر. هەلبەتە لە قەتار و ویستگەکاندا بە هیچ کلۆچیك لە خویندنەوەی شیعرەکانی وەرەز نەدەبووم. چونکە دەمزانی بی ئەوانە ناشیم لە ئەندەلۆسیا و فەزا دلگر و شیرینەکانی کاوچیژ ببینم .

کاتیکیش لە خاوەن هۆتیلی ( ئارمینۆس ) کە پیرەمیردیك بو، پرسیم چۆن کەسیك دەتوانی بچیتە ( فوانتا فاکیرۆس) ، گوتی: بەختت یارە ، وەرە... تا بالکۆنەکە وەدووی کەوتم . بە قامکی شادەی ئیشارەتی بۆ شوستەی بەرانبەردا کرد و گوتی: " باسەکە لە وی دەسەکنیت تا بتگەیینیتە ئەویَ" .

بەیانی سەعات ٧ لە خەو رابووم. هەوا تابلیی گەرم وگران بو. شەقامەکان چۆل وماندو دەهاتنە بەرچاوم. رەنگە بە هۆی شەوبوبیرییە هەراکانەوە بن کە لە ئەندەلوسیا تا کازیوە دەخایینن. لەناکاو خەیال منی گواستەوە بو رۆژانی دور کە رۆمانی ( هیوا) ی " ئاندرە مالرۆ"م دەخویندەوە.

هەسپەکان خول دەخۆن، خول دەخۆن هەسپەکان و دایکم بەسەرم دەقیژینی : ئەو کتیبە لەدەست باویَ .. کاتیك نزیکەی ١٨ سالان بوم ، تازە ئیسپانیای نویم لە ریگەی رومانەکانەوە کە لەسەر شەری ناوخۆ نوسرابون ، دوزیبوەوە و هەروەهاش سپانیای دیکە دور دەبوەوە و لە بەین نەدەما: سپانیای فتوحاتی عارەبان و افتخاراتی قرطبة وبن زیدون و ملوك الطوائف و،هەروەها سپانیای دونکوشیتەکەی خوی، و کریستۆفەر کولومبس و چارل کانت.

وردەوردەش دەخزامە نیو سپانیای نوی ، سپانیای ژن و خوین. لەماوەی چەتد مانگیك چەندین رومانم سەبارەت بە شەری ناوخوی سپانیا، تەواو موتالا کرد.. بەلام باوەر دەکەم کورتە چیرۆکەکەی " هیمنگوای" لەژیر ناوی ( پیرەمیرد و پردەکە) جوانترین وناسکترینی هەمویان بو، نازانم چەند جارم خویندەوە. ئای خودایە، ئەو پیرەمیردە لەسەر پردەکە ، بە حەسرەتەوەیە چونکە لەدوای خۆی دوو بزن و کتیبیك و کوترگەلیکی نیو قەفەسی جیهیشتوە.. دەلیی سمبولی تەواوی ئەو میللەتانەیە کە جەنگ لەوردە تام و چیژەکان بیبەشیان دەکات. لەوان رۆرژاندا کە بایەخم بە شەری ناوخوی سپانیا دەدا، شارەزای لۆرکا بوم.

دوستیکی قەیرەوانی ریگەی ناسینی لۆرکای نیشان دام، هەروەها منیش پیشتر ریگەی ناسینی " تاگوور" و " لوتریامون".

" بە دریژایی ژیانم ، پیاوە تەنگنەزەرەکانم بینیوە زۆرکاری احمقانەیان ئەنجام داوە، پیاوی وەکوو خۆیان گیل و گەوج دەکەن و بە هەمو شیوەیەك نەفسییەتی خەلك فاسد دەکەن".

ئەو گەنجە قەیرەوانییەش عاشقی ویلی ناو کتیبەکان بو، زراڤ عاقل بو، حەزی لەشەونخونی وسیگار و ئاخاوتنی هیواش بو، جاریك سەبارەت بە رومانی " هیوا" مالرو قسەم لەگەل کرد، گوتی: لورکات خویندوە؟ گوتم : نە ، قەت.

سیَ کۆمەلە شیعری دامی . لەبیرمە ئەکەر لورکام دەخویندەوە هەستم کرد فەزایەکان لەبەردەممدا بەرهەلداوتروجوانتر و فەرەحتر دەبن و بەرەبەرە لەناخمدا هەستی ونەستی وا پەیدا دەبن کە پیشتر نەمبون، هەرەهاش ئاگام لەفەزایەك و شتگەلیك و بۆن و بەرامە ودەنگی وەها دەبو کە تا ئەو وەحتە ئاگام لییان نەبو یان لەلام بی بایەخ بون: شەفەقی

هەنگوینیی لەدەشی کاکی بە کاکی، بالوعەی وردیلەی ون لەچۆلایی ، گولیلکی دفلی لەجوگە وشکبوەکاندا، بیر وکاریزی لەکارکەتو، شارە میرولە لەدوادوای وەرزی درەو وهەرین ، کۆچی تەیری کورکیی هیدی بەرەو باشور، سەرچاوە بچکۆلانەکان، بۆنی گیا لەمانگی گولاندا، تیشکی شەیتانۆکە لەشەوە گەرمەکانی  تەباخ گەرانەوەیبەرخۆلە بە پیرەوەچوی دایکانەوە لەلەوەرگە، هەیەجانی گا لەبەهارێ، هەوەل غونچەی داری باهیڤ ، تەنانەت ئەو شتە ساکار و کریت و تەریکانەش ، هەمو ئەوانە هاتنە بەرچاوم کە لۆرکام لەفۆرمی تازەدا دەخویندەوە.

باسە شینەکە، سەعات ٩ی بەیانی بەرەو گوندی ( فانتا فاکیروس) ئاژوا. ژمارەی سواربوەکانی کەم بون، هەمویان بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد. بە عادەتی گوندییانیش دەستیان دەبزواند و رادەوەشاند، پیاویکیش بە لوتی دریژ و دەمیکی بژکۆلانەوە کە لەدەمی جرج دەچو، بە سەریك کە دەتکوت سەری پەپوەسلیمانەیە، پەیتاپەیتا چەنەی لیدەدا، لە کوشنیکەوە یو کۆشنیکی تر دەیگواستەوە تا لەگەل ئەم وئەو قسان بکات هەموشیان باش گوییان دگرت. جاروبار دەیاندا لەتریقەی پیکونین.. لەتەنیشتمەوە پیرەژنیکی کورتە بلای گوشتن رۆنیشتبو، کراسیکی شینی بە گولیلکی سپیی نەخشینراوی لەبەردا بو، لەپیکەنین خەریك بوو شەق ببات و زارە لوسەکەی خوی بە دەست دەپوشیەوە.

دوای مەودای نزیکەی دە کیلومتر لەئوتوستراد، باسەکە بەرەو چەپ وەرچەرخا و هیدی هیدی یگەیەکی گرتەبەر کە دەشتە سەوزەکانی " فیکا" ی دەبری.

" سەوز ، سەوز، هەروەکو چۆن خوشم دەوییا!" دوای نزیکەی ٢٥ دەقیقە، باسەکە گەیشتە گوندی ( فوانتا فاکیرۆس) کە بریتی بو لە خانووی سپیی نزم بە میچی قرمیدی سوور . پەنجەرە و دەرگای شین و خولەمیشی.. کلیسەیەکی بچکۆلانەی رەنگ سور لە بنەبانی جادەیەکی پان هەلکەوتبو کە لە خانوەکانی دەوروبەر گەورەتر نەبو.

گوتم :" وا گەیشتمە سەرچاوەی روبارە مەزنەکە" . هەروەها لەو گوندە دام کە هەست و فەزاگەلیکی بەخسیە لۆرکا، کە مۆرکی خۆیان چ بە سەر شیعر و چ بە سەر ژینی ویدا کوتا.

" ئەو گوندەی کە لیی لەدایك بوم، خنجیلانە وسپی یە و ، ئاوی جوگەکان هەمو جەستەی لە هەمو لایەکەوە رادەمووسی و وەختی دەمەبەیان دەبنە هەلم بە پەرەیەکی شەفاف وساردی بریقەدار وەکو زیو یان زەرنیق دایدەپوشی.. کاتیکیش رۆژ بلیند هەلدەشاخیت، لە دوررا دەلیی گەوهەریکی گەورەی گرانبەهایە".

هاوکات لەگەل هەنگاو هەلینانەوە بە خۆم دەلیم چۆن لۆرکا توانیویەتی لەم گوندە بچکۆلانە ئەم هەمو فەزا دلگر و جوانەی شیعر و شانۆ و ژیانی تەنیوەتەوە ، ئیلهام وەربگریت.

چووم بۆ ئەو مالەی لۆرکا تییدا لەدایك بوە و ئیستاکە کراوە بە موزە، هەرچی مۆبل و وینە و شمەکی پیش گواستنەوەی بنەمالەی لۆرکا بۆ گرانادا هەبون ، لەوێ پاریزراون.

چاوەری بووم موزەکە بکریتەوە ، لەناو قوتابخانە سەرەتاییەکەی بەرانبەر مالەکە دەسورامەوە، لەو  قوتابخانەیدا لۆرکا هەوەلین سالانی تحصیلی بەسەر بردبو. لەسەر دیوارەکانی وینەی رەنگاەرەنگ هەبون، مندالەکان بە شیوەیەکی ناریك کیشابوویانەوە. ئاژەل، دار، زارۆك، مەل، خانوو، کولیلك و شتگەلی تر.. رەنگە رەنگدالنەوەی هەستی بنگرتوو بن لەقولایی دەرونیاندا.

دەرگای مووزە سەعات ١٠ کرایەوە.. چوومە ژوورێ گەنجیکی تەمەن ٢٠ سالەی خشت و قۆز بە پیرمەوە هات و گوتی: تەنیا کەموکیك ئینگلیزی و فەانسەیی دەزانێ.

لت ماوەی گەرانمان لت موزە بچکۆلانەکە، هەر بە ئیسپانیایی قسەی دەکرد، ژووینە هۆدەی نووستنی  باوك و دایکی لۆرکا، نوینیکی لەتەختەی باریك تیدا بو. لت تەنیشتەوە میزیکگی بچکۆلە کە قەلیانیکی زەلامی باوکی لۆرگکای لەسەر بو، پاشان سەرمان کیشایە ناو هۆلەکە ، پیانو خوشەوستەکەی سالانی سەرەتای گەنجیتی شاعیر، لەوێ  داندرابو.. دوایی چووینە ئەو

© Kurdistan Net

هودەیەی کە لت مندالیدا تییدا دەنووست.. هەروەها چووینە نهومی یەکەم لەویدا هۆلە گەورەکە هەبو کە هەموو دوکۆمینت و نامە و پۆست کارتی لۆرکا بە دەسخەتی خۆی لیبو.. هەروەهاش وینەگەلیکی زۆر، چ سەردەمی منداڵیی و چ سالانی افتخار و سەربەرزی کە لە مەدرید وبارسلۆن وسنتیاگۆ و نیویۆرك گیراون .

لەو وینەیەی کە خۆشم دەوی زۆر رامام : لۆرکای دوو سالانە ، بە کراسیکی سپی لەوانەی کیژۆلەی بچکۆلانە لەبەری دەکەن، سواری هەسپیکی دارینە دەروانیتە وینەگرەکە، لت چاوانیدا بریقەیەکی دلفرین هەیە کە تەنیا لەچاوانی بەهرەمەندادەدی دیت.. پاشان دابەزینە نیو حەوشە . ساپاتی ترێ دیوارەکانی داپۆشیوە.. گولی جوان پەنجەرە و قوچبنەکانی رازاندوتەوە، بیریکی بچکۆلە، دوو پەیکەرەی شاعیرەکە لەدو دیودا دامەزرینراون و لەکاتیکدا لاوەکە بەردەوام شەرح وشیکردنەوەی دەکرد، ئەز بە خەیال وفکرم دوردور فریم: بەرەو منداڵیتی لۆرکا. ئەو شوانە پیرەم هاتەوە یاد کە چاودیری لەلۆرکای زارۆ دەکرد و دەیپەروەراند.. لەشەوانی سارد و زستان لەسەر چۆکی خۆیدا دادەنیشاند لەنزیك کوانوەکە قسەی خۆشی بۆ دەکرد لەحکایەتکانی ئەجندە و میردەزمە و پیاوچاکان بگرە تا حکایەتی شازادە شۆخەکان ئەوانەی شاسوارە زیخەکان لەچنگی درندە نەجاتیان دەدەن.

جار هەبو باسی گورگی وەحشیی چیا سەختەکتنی ( نبڤادا) ی بۆ دەگیرایەوە گوایە جاریك گورگەکان لت شەویکی ئەنگوستە چاودا پەلاماریان داوە ، بەلام بە یارمەتیی نووری بەفر توانیویەتی بیانبەزینی. لۆرکاش گوی رادەدیری و لەترسان هەلدەلەرزی.

لەو دەمەدا پیی خوش بوە گوی رادیریتە حکایەت و موغامەراتی وا سەیروسەمەرە کە دوایی خەیالیان مشتومال داوە.

ئەو شوانە باشە لەدیدی لۆرکامقدس یا فرستەیەك بوە.. رۆژیك پیرە مورەبی خراپ نەساغ کەوت، خەلکی گوندی هەمویان خەمبار بون بۆی و لەدەوری کووە بون، لەدومی گیانەلادا زۆر پەرۆشی دیتنی منالە چکۆلە جوانکیلەکە بو، دلیك وباوکی قصوری ناکەن زو دەیهیننە لای وی، بەلام مەخابن مەرگ دەرفەتی نەدابوویە ، پیش ئەوەی دەستی منداڵەکە بگریت و وەك هەر شەویك لەئامیزی بکا و رایمووسی، روحی لەلەشی هەلفریبو.

لۆرکا دوایی نووسیویەتیو دەلی: " شوانە خوشەویستەکە ! ئەی ئەوەی پەروەردەت کردم، دلت دەدامەوە لەوەختی غایلە و کابووسەکانم، ئەتو، هیشتت سروەشتم خۆش بوی، تو دلت رون کردم، ئای ئەی شوانە خوشەویستە باشەکە ! ".

هەروەها ئەو کیژەلە هەژارەشم هاتە یاد کە دوو کەزییەکەی تا پاژنەی پیی نشیو ببون، ئەو کیژۆلەیەی کە لۆرکا زۆری خوش دەویست و بەزەیی پی هاتەوە و جار وباریش نیوەرۆیان سەردانی دەکرد تا لت سەرژاوە بچووکەکەی ناو حەوشەکەکەیانەوە رامینی و هیندی کوچکی کەلەکەبو لەبنیدا کۆبکاتەوە.. ئای کاتی چاوی دەکەوت بە مالە رەش و پیسەکەی و موبلە رزیو و بی قیمەتەکەیان ، چرا نەوتییەکەیان و دایککەی کە لەتارمایی دەچو، تابلیی خەمبار و دلبریندار دهبو.. لۆرکا دەگیریتەوە کە دوایی هاوالە قژزەردە هەژارەکەی ژاو پیکەوتەوە، ببوە دایك و خاوەنی دو منداڵ یەکیکیانی لەباوەش گرتبوو و ئەوی دیکەیان دەستی گرتبو: چاوەکانیشی پر بون لەخەم وپەژارە.. کاتیك بەو حالە دەیبینی ، دابویە پرمەی گریان.

زۆر بیرەوەری دیکەم هاتەوە یاد: ئەو حکایەتەی کە لۆرکای تۆقاندبو کە دەلیت: حەزیایەك هەرە گەورە لەقەلایەکی کۆنی عەرەبان لەدەوروبەری گەندەکەدا نیشتەجی دەبی ، خوراکی وی ژنە ، کەچی ریز لەپیاوان دەگریت و ودەستیان لینادات. خەلکی دەلین لەجاریك زیاتر دیتوویانە کە لەگورستانەکەوە دەردەچیت کوتە گوشتی لاشەیەکی لەدەمدا بوە لیی دەخوات...

گەرانی بەییانی لۆرکا لەگەل هاوالانی لەرۆژانی ساردی زستانیی لەکیلگەکانی گوندی کە لەوێ گەمەی گلوبیفرییان کردوە.

ئورگونی کلسامه .. ئەو ئورگونەی کە لەناو بۆنی بخور، زرینگەی ناقوسەکاندا بلیند دەبیتەوە ودلی میرمندالەکە پر لەسام و شکۆ دەکات.. حکایەتی پەنجەرەکە مە شاهیدی حکایەتی تراژیدیای دلداری بو و دەلیت کە کیژیك هاوکات دو پیاوی خوشویستوە.. رۆژیك یەکیکیان بەو کەینە دەزانی و لت شەویکی مانگی گولان، لەبەردەم ئەو پەنجەرەیەی کە جاروبار کیژەکە لیی دەروانی، راوەستاوە و چەقویەکی کردووە بە سکی پیاوەکەی تر.

لۆرکا دەلی هەرجار لەوی رەت دەبو ، پەنجەرەکە نامو لە بەرچاویدا خۆی دەنواند، جەزبەیەکی دلتەزین شکۆی دەداتی و دەهیلیت بیر بکاتەوە لە ئەوینی بە زەبروزەنگی ئەو وەرزیرە دلپاك و رۆژەرەشە.

سوپاس بۆ لاوە سەرپەرشتکەرەکەی مووزەکە و توند دەستەکانی دەگەشم بۆ ئەو لوتفەی لەگەلی کردم.. دوایی دەگەریمەوە گوند، لەجادە تەسکە چکۆلەکاندا دەرۆم، جامیك لەچایخانەیەکی چۆل لەموشتەری هەلدەچۆرینم.. بەرەو ئەو کیلگانە دەچم کە لۆرکا دریژ زەمانیك تییاندا باری دەکرد. لەبەردەمیان رادەوەستم .. بۆنی خاك و ئاوی دەکەم، لە هیمنی و جریوەی چۆلەکەکانی تام و خۆشی دەبینم. ئایا بۆچی لۆرکا پیش ئەوەی مریت بۆ گراناد گەرایەوە؟

خەلکی پییان خۆشە بۆی زیاد بکەن وبلین: کاتی لۆرکا کوژرا ، هیندیك لت جینشینەکانی ژەنەرالە کورتە بالاکە هاتنە لای و پیاگوت:

" گارسیا لۆرکا کوژرا" .. بی ئەوەی ئاوربداتەوە ، ژەنەرالەکە گوتی:

" ئەم گارسیا لۆرکایە کی یە؟"

" قوربان! شاعیریکی بەناوبانگە لت هەمو سپانیادا!"

ژەنەرالە کورتەبالاکە هەمدیسان بی ئاوردانەوە بە توندی وەلامی داوە:

" لەم کاتەدا ، چ حەوجییەکمان بە شاعیران هەیە!"

- ئەم نوسراوەیە لە رۆژنامەی " الشرق الاوسط" ژمارەی رۆژی ٣\ ٦\ ١٩٩٧ ی لەنوسنی حسونە المصباحی وەرگیراوە.
- لەو دەمەوە وەرم گیراوەتە سەر کوردی ، لەم رۆژانەدا کەوتە بەرچاوم ، و بەباشم زانی بلاوی بکەمەوە.

© Kurdistan Net